مەسرور بارزانی پێشوازی لە وەزیری لاوان و وەرزشی فیدراڵ دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە ، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە ئەحمەد موبەرقەع، وەزیری لاوان و وەرزشی عێراق کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیێندراوەکدا ڕاگەیاند" لە دیدارەکەدا دەخی وەرزش و لاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و پێویستی بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەزگا پێیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکومەت جەختی لە گرنگیی بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە چالاکیی و پاڕێوانەتییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان و کارکردن بە ڕێکخستن و ئینجامدانی چالاکی و پاڕێوانیەتی نێودەوڵەتیی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیی دەزگا پێیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ کردەوە.

وەزیری لاوان و وەرزشی فیدراڵ، خواست و ئامادەیی بە هاوکاریکردنی وەرزشی و پەرەپێدانی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پێیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەربڕی.